# سایتی www.photl.com سایتێک بۆ نەخشەسازانی رۆژنامە

هیچ شتێك بۆ نەخشەسازێك لە وێنەی جوان كە بە دیقەیەكی باشەوە گیرابێ گرنگتر نییە، بەبێ وێنەی جوان نەخشەساز هەرچەند سەركەوتووش بێ ناتوانی بەوجۆرەی پێویستە لاپەڕەیەكی جوان نەخشەرێژی بكا. ئینتەرنێت شارێگەیە بۆ دۆزینەوەی وێنەكان. لەو نێوەشدا سایتی گوگل رۆڵی سەرەكی دەبینیێ، بەڵام وێنەكانی گوگل زۆربەیان بچوكن یان دیقەیان زۆر لە خوارێیە.

سایتی www.photl.com یەكێكە لەو سایتە باشانەی كە وێنەكانی دیقەیان زۆر لەسەرێیە، گشت وێنەكان 300dipن، دیارە بۆ لەسەرەتادا بۆ دابەزاندنی وێنەكان دەبێ ئیمێل و پاسۆردەكەت بنووسی و پاشان لینكی ئەكتیڤ بوون بۆ ئیمێلەكەت بەڕێ دەكات، پاش كردنەوەی لینكەكە دەتوانی بە ئاسانی وێنەكان دابەزینی، هەر وێنەیەك كە هەڵی دەبێژری چەندین كوالیتی جۆراوجۆری هەیە، زۆر ئاست بەرز، ئاست بەرز، مام ناوەند، ئاست نزم. دەتوانی بە ویستی خۆت یەكێك لەو فەرمانانە هەڵبژری، زۆربەی وێنەكان بێ باكگراوەندن واتە حەفر كراون. بۆ گەڕان لە وێنەیەك دەتكرێ لەبەشی سێرچ واتە بە دواداگەڕاندا ناوی وێنەكە بنووسی...




# تەكنۆلۆژیـــای



## كاتژمێر و مۆبایل

كۆمپانیایەكی بەرهەمهێنی كاتژمێر بۆچوونی وایە كە هیچ شتێك بەقەد مۆبایل زیانی بە پیشەسازی بەرهەمهێنانی كاتژمێر نەگرتووە، چونكە ئیدی خەڵك وەك پێشوو پێویستیان بە كاتژمێر نییە و سەر شاشەی مۆبایلەكەیان كاتژمێری لەسەرە. كەچی داهێنەرێكی ژاپۆنی كاتژمێرێكی داهێناوە كە شوێنی مۆبایلیشی گرتۆتەوە. ئەو كاتژمێرە هەم مۆبایلە و هەم كاتژمێر.




## ئامێرێ بۆ دابەزاندنی كێشی لەش

زۆر ئامرازی دیجیتالی بۆ باشتركردنی تەندروستی مرۆڤ داهێنراون، هەموومانیش دەزانین كە یەكێك لەو هۆكارانەی تەندروستی مرۆڤ تێك دەدات، بەرزبوونی كێشیەتی، وەرزش كردنیش یەكێكە لەهۆكارانی دابەزاندنی كێشی لەش، بەڵام مرۆڤ نازانیێ لە هەر وەرزشكردنێكدا چەندە "كالۆری" سووتاندووە و چەندی كێش لەدەست داوە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە كە بە Kifit ناسراوە دەزانرێ كە چەند كالۆریت سووتاندووە و چەندت كێش كەمكردۆتەوە.


# به پرۆگرامی Blumentals HTMLPad به سانایی سایتێک دروست بکه



سایت، یان بە کوردییەکەی ماڵپەر، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە ماڵی بیروئەندێشەی هەموو کەسێك، واتە هەر کەسێك دەبێت خاوەنی ماڵپەڕی خۆی بێت بۆ ئەوەی کە بۆچوونەکانی جا باش یان خراپ تێیدا بڵاوبکاتەوە.

بۆ دروستکردنی سایت گەلێك پرۆگرام هەن، هەندێك پرۆگرام هەن کە تەنیا ئەوانەی کە شارەزاییەکی زۆریان هەیە سەریان لێ دەرچێ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە پرۆگرامێکیش هەن کە لەلایەن ئەوانەی کە زۆریش شارەزا نین بە ئاسانی دەکرێ سایتێکیان پێ دروست بکرێ. پرۆگرامی Blumentals HTMLPad یەکێکە لەم پرۆگرامە. لەگەڵ ئەوەیدا پرۆگرامەکە قەوارەکەی زۆر کەمە کەمتر لە پێنج میگابایت. ڕەنگە باوەڕ نەکەن سایتێك بە قەوارە کەمەی کە هەیەتی بکرێ ئەو هەموو توانایەی تێدابێ. لەو پرۆگرامەدا ئەوەی مەبەستتە دەکرێ بە ئاسانی دیزاینی بکەی، هەرچی دیزاینشی بکەی بەشێوەی کۆد ببینی. زۆربەی پرۆگرامەکانی سایت نووسین لەگەڵ ئەو پرۆگرامە یەکتر دەخوێننەوە.

# دیجیتالی نوێ



## پانکە بێ پەڕەکانی داهاتوو

بۆ فێنك بوونەوە لە هاوینێکی گەرمدا زۆر ئامراز هەن، وەك موبەریدە، سپلیت و پەنکە.. هەرچەندە پەنکە بۆ سەردەمێکی گونجاو دەبێت کە گەرما هێشتا هێرشی نەهێناوە. چۆنییەتی کارکردنی پەنکەش بۆ هەموو کەس ڕوونە، پەنکەکە بە خێرایی دەسوڕێ و بەهۆی پەڕەکانی پەنکەوە بایەکی فێنك دروست دەبێ. کەچی لەم دواییەدا جۆرێك لە پەنکە دروستکراوە کە لە تەکنۆلۆژیای Air Multiplier سوود وەردەگرێ و هیچ جۆرە پەڕێکی تێدا نییە، سەیر لەوەدایە لەو پەنکەیەدا هەوا فێنکتر و زۆرترە. هەرچەندە ئێستاکە ئەو جۆرە پەنکەیە نرخەکەی زۆر لە موبەریدەیەك زیاترە.



## ڕۆژنامە لە سەردەمی دیجیتالیدا

لەسەردەمی دیجیتالیدا ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیش دەبنە دیجیتالی، ئێستا کتێبی ئەلکترۆنی لە هەندێك وڵاتی جیهاندا پەرەی سەندووە. بەڵام گرفتێکی سەرەکی ڕۆژنامە و کتێبی ئەلکترۆنی سایز و ئەندازەکەیانە. کە ناکرێ وەك کاغەزێك بنووشتێنرێتەوە لە گیرفان بخرێن، بەڵام بەهۆی ئەو داهێنانە نوێیەی کە لە وێنەکەدا دیارە ئیدی ئەو گرفتەش نامێنێ و کاغەزی دیجیتالی کە بتواندرێ لوول بدرێ کۆتایی بەم گرفتانە دێنێ.